# خەونێکی بێهودە ... یان

# مەرگی پیاوێکی ناشرین ... !

سێوە خان

ئەودەمانەی کەناریەکان بێ پەروائاوازی ژیانیان دەچڕی

بارانی ئەوین باخچەکانی پاراو دەکرد

شەقامەکانی موحبەت ڕێبوارانی ئاوێزانی یەکدی دەکرد

شارپڕبوولەوێنە جوانەکانی خۆشەویستی

سیماکانی سەراب نامۆی ئاوابوون

گۆرانیەکانی موحیبەت ڕۆژانە باڵایان دەکرد

سۆماکان ماڵئاواییان کردبوو ،

لەڕشتنی ئەسرینی نائومێدی ...

عەشق و خۆشەویستی وەفاو پەیمان بوو

کەس نەبوو گومانی لە وێنە جوانەکانی عەشق بکات .

نامۆبوون وێنەیەکی بێزراوی ،

ناوچیرۆکەکانی زەمەنی ڕابووردوو بوو.

ئێواران شار چراخانی گوڵە پەمەییەکانی عەشق بوو

پیاوە ڕموزنەکانی خێڵی تاریکی و سەراب

مەنهۆڵەکانی خۆیان تارووماردەکرد ...

ئەودەمانە وادەی ئاوێزانی گوڵ و پەپولە بوو

جوانیەکی زۆر سەرسوڕهێنەری نمایش دەکرد

هیچ نیگار کێشێک نەیدەتوانی ئەو تابلۆیە بنەخشێنێ و،

وێنە جوانەکانی عەشق سەراسیمەو حەیرانی کردبووین ...

جەخار... جەخار

ئەوانە خەونێک بوون لە ئەندێشەدا

بۆهەتا .. هەتایە گوزەشت ...

ئێستا گەورەترین درۆ وەفایە

خۆشەویستی نیگایەکی درۆزنانەی پیاوانە.

پیاوەکانی جەنگ خۆشەویستی و مۆراڵیان ،

لەسەر مێزی مەیی و قومار دۆڕان و،

مەستانە بوونە جادووگەرو ڕێنیشان دەری خەونەکان و

هەرڕۆژەی نەخشەیان بۆئەتک کردنی کچێک دەکێشا ...

لەنێو جەنجاڵی ئەم دنیا پڕلەسەرابەدا
ناسنامەی بەرائەتیان لێسەندینەوە
ڕۆژانە نیگای فێڵاویان ئاوێزان دەکردین
ڕۆژانە مەلی خۆشەویستیان هەڵدەفڕاندین
ناسنامەی پاکیزەییان لێ زەوتدەکردین .
خەونەکانمانیان لەسەحەرداسەربڕی و ،
ئارەزوە شەهوانیەکانی خۆیان لێ تێردەکردین .
ڕۆژانە پیاوانی بەدو ناشرین
گەمەی بە پەیڤەکانی عەشق دەکەن و،
کچە پاکیزەکانی پێ فریو دەدەن و،
خەونە نەزۆکەکانی لەزەتی کاتی تێردەکەن .
ئەودەمانە ئێمە لە وەهم دا دەژیان و
فریووی نیگا فێڵاویەکانی ئەوان بووین
نەمان زانی لەسەردەمی ئالی بوونی مرۆڤدا
پیاوانی بەد دوورن لەسۆز خۆشەویستی
بۆیە بۆ هەتا ... هەتایە
ئێوەی پیاوانی ناشرین و لەزەت پەرستم تەلاق دا
تا لەتەنهایی دا دواین پێکی تاڵی نەفرین نۆشبکەن و
جادوەکانیشتان بۆڕاوی لەزەت ،
لەگەڵ باڵە فڕەی دڵم دا ،
بەرەو کەنارەکانی عەشق بەتاڵ بوەوە
خەونە نەزۆکەکانی ئێوەش هەڵوەری .

سوید
2006/10/5

تێبینی :

نووسینی ئەم دەقە پەیوەندی بەهەموو پیاوانەوە نییە و تەنها ئەو جۆرە پیاوانە دەگرێتەوە، کەگەمە بەروح عەشق دەکەن و بەدوایی ساتێکی لەزەت دا کچان فریو دەدەن و هەرخۆشیان دەبنە جەلادو قوربانی ڕاودەکەن .

نووسەر